# بەدنیا ناساندنی ئەنفال ئەركێكی مۆرالی ونەتەوەیی رۆشنبیرانی كوردە

## نورەدین وەیسی

وێرای تێپەڕبوونی پتر لە دەیەیەك ونیوبەسەر شاڵاوی ئەنفالەكان ونزیكەی چارەكە سەدەیەكیش بەسەر بێسەر وشوێنكردنی بارزانییەكان ،لێ تا ئێستاش نەك تەنها لەسەر ئاستی نێوچەیی ونێودەولەتی بەلكولەسەرئاستی نێوخۆی كوردستانیش شاڵاوەكانی جینۆسایدكردنی كورد وەك پێویست نەناسێنراون.

لەدوای سەرهەڵدانی 1991 دەیان هەزار بەلگەنامەودیكۆمێنتی گرنگ سەبارەت بەم شاڵاوانە دەست خەڵكی كوردستان كەوتن كەچی لەجیاتی ئەوەی وەك ئەرشیفێكی گرنگ ودیكۆمێنتی جینۆساید كردنی كورد بپارێزرێن ، هێزولایەنە سیاسیەكانی كوردستان بەتایبەتیش یەكێتی نیشتمانی كوردستان تێكرای بەلگەنامەكانی ڕادەستی ئەمریكییەكان كرد كەتائێستاش كەس هیچ سەروسۆراخێكیان نازانێت .

چورادە ساڵە پارتی ویەكێتی داهات وسامانی باشووری كوردستانیان لەژێر دەستە كە هاوشانی داهاتی زۆر دەولەت و بگرە زیاتریشە كەچی نەك هەر هیچ ئاوڕێكیان لەكەسوكاری ئەنفالكراوەكان وناوچەو دێهاتەكانیان نەداوەتەوە بەلكو تا هەنووكە یەك تاكەسەنتەری ئەرشیفیی ئەو تاوانە مەزنانەشمان نییە كەر رژێمی شۆڤێنیستی عەرەبی عیراق بەدرێژایی نیوسەدەی رابردوو دەرهەق بەخەڵكی باشووری كوردستانی كردووە،ئیدی گلەیی چی لەكەسێكی ئەمریكایی یا ئەورووپایی وتەنانەت عەرەبیش بكەین كە هەلەبجەوئەنفال نەناسن ، لەكاتێكدا ینك ویدك دەیانتوانی بەنیوەی پارەی ئەو گووللە تۆپ وراجیمانەی كەلەشەڕی نێوخۆدا بەیەكدییان وەنان گەورەترین سەنتەری ناساندنی جینۆسایدكردنی كورد دروست بكەن كەبێگومان بوونی سەنتەرێكی ئاوا پرسی نەتەوەیی ئێمەی زۆر دەبردە پێشەوە ،دوو ساڵە رژێمی بەعسیش رووخاوە كەچی بەناو نوێنەرانی كوردلە بەغدا تا ئێستا نەیانتوانیوە یان راستر نەیانویستووە حكومەتی عیراق ناچار بكەن كە لەبری ئەو تاوانانەی دژ بەكوردو كوردستان كران بەرەسمی داوای لێبوردن بكاو قەرەبووی ماددی ووتایی ئەو كارەساتانەش بكاتەوە ،گومانیشم هەیە تالەبانی (كە ئاڵای بەعسی لە هەڵەبجە وگەرمیانی ئەنفالكراودا هەڵداوە) لەماوەی ئەو هەشت مانگەی سەرۆكی عیراقە كارێكی وابكات.

هەرچەندە رژێمی عیراق تاوانباری سەرەكی ئەنفالەكانە وەلێ ئەو تاكە تاوانبار نییە بەلكو چەندین تاوانباری دیكەی نێوخۆیی ونێودەلەتی لەپشت ئەم تاوانانەن ، هەربۆیەش ئەگەرچی هەنووكە هەندێ لە تاوانبارە سەرەكییەكان لە زیندان ئاخنراون ،لێ ژمارەیەكی زۆر تاوانباری دیكە كەراستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەستیان لەوتاوانانەدا هەیە نەك هەر بەڕەڵلا وئازاد لەكوردستاندا دەسوورێنەوە بەلكو لەلایەن پدك وینك ەوە داكۆكییەكی سەرسەختیشیان لێدەكرێ وپلەوپایەی گەورەشیان پێ سپێردراوە ، تەنانەت بەرێزو حورمەتیشەوە دەنێردرێنە ئەورووپاو چەكی بەرائەت ورابردوو خاوێنیشیان بۆ دەنووسن وەك ئەو شاڵاوە پشتیوانیەی لە تاوانبار نزار خەزرەجیان كرد.

راستە ناساندنی ئەنفال بەدنیا وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێ كەلەئاستی گەورەیی ئەوتاوانە مەزنانەدا بێت پرۆژەیەكە پێویستی بەهاوكاری وپشتیوانی دارایی هەیە بەڵام دیسانیش ناكرێت خەمساردی وكەمتەرخەمی نووسەرو هونەرمەندورۆشنبیرانی كوردیش فەرامۆش بكەین كەبەداخەوە تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەم كارەساتەگەورانە وەك پێویست لەبەرهەمەكانیاندا بەرجەستە بكەن ،تا ئێستا چەند رۆمان وچیرۆكمان لەسەر ئەنفال هەن ؟چەند فیلم وشانۆگەری وبەرهەمی میوزیكمان هەیە ؟ چەند توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی زانیستیمان هەیە؟ ئاخر مخابنی نیە ئێمە لەكاتێكدا لەنێوگۆڕەپانی كارەساتەكاندابین كەچی پشت بە كتێبەكەی كەنعان مەكیەو راپۆرتی رێكخراوی مافی مرۆڤ ببەستین لەگەڵ رێزم بۆ ئەو دووبەرهەمە نایابە.

بەداخەوە رۆشنبیرانی کورد لە نێوخۆو دەرەوەدا زیاتر مژۆلی شەڕە قسەو شتی لابەلا بوون هەتا پرۆژەی جیدی بۆ ناساندنی شاڵاوەکانی جینۆساید کردنی کورد، لەکاتێکدا ئێمە دەیان زمانزانی عەرەبی و ئینگلیزی وفەرەنسی وئەلمانی و... مان هەن کەدەیانتوانی رۆڵێکی زۆر کارا لەناساندنی ئەو تاوانانە وشەرمەزارکردنی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیستی عەرەبیدا ببینن ، پێم وایە هەنووکەش نەچووەو بچێ و وەك دەڵێن زیان لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە ، بۆیە ئەرکێکی مۆرالی ونەتەوەیی سەرشانی رۆشنبیرانی کورد لەنێوخۆو دەرەوەی کوردستاندا چ بەجیاوچ بەپرۆژەی هاوبەش ئەوەیە کە بەدنیا ناساندنی شاڵاوەکانی جینۆساید کردنی کورد وەئەستۆبگرن و بەبەرهەمەکانیان نێوەندە سیاسی و ئەکادیمی وزانستییەکانی دنیای لێ ئاگاداربکەنەوە تا لانیکەم ئەنفالیش وەکو جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان و هۆلۆکۆست وکۆمەڵکوژییەکانی رواندا لە سەر ئاستی دنیادا یادی بکرێتەوە، دەکرێ ئەمەش بکرێتە فاکتەرێکی بەهێزی ئاوڕدانەوەی کۆمەڵگەی نێودەلەتی لە دۆزی سیاسی ئێمەو گەیشتنی بەمافی چارەنووس ورزگاربوون لە ژێردەستەیی.